# دەقی شانۆگەری «شوورەی چین» و نمایشکردنی لەبەردەم چەند تێڕوانینێکدا

حەمە کەریم هەورامی

* «شوورەی چین» یەکێکە لە کۆمەڵە شانۆگەرییەکانی نووسەری سویسری «ماکس فریش»، ئەو نووسەرە هونەرمەندە لە ساڵی (١٩١١)دا لە شاری (زیوریخ) لە دایک بووە. شانۆگەریەکە لەلایەن (د. عەبدولغەفار مەکاوی)یەوە کراوە بە عەرەبی و برای نووسەر: (ئازاد عەبدولواحید)یش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، (ئەرسەلان دەروێش)یش وەک دەرهێنەرێکی کارامەی دەست ڕەنگین دەرهێنانێکی شانۆگەرییانەی هونەرییانەی بە کوردانەکردنی بۆ کردووە و لە ڕێکەوتی (١٢/١٠/٢٠١٣)دا لە هۆڵی گەل لە شاری هەولێر نمایش کرا.

بەرجەستەکردنی دیمەنەکانی شانۆگەرییەکەو بە کوردانەکردنی ئەو بەرهەمە بەو جۆرە، مایەی ڕەزامەندی جەماوەر بوو، نواندنەکە گیانێکی سەردەمانەی بە بەردا کرابوو، شێوەی دەرهێنانەکەش تێکەڵاو بوو لە جۆری کلاسیکی و پێشڕەوانەی هاوچەرخ. لەو بەرگەدا نوێنرا، بۆیە زەینی جەماوەر لە مەبەستە سەرەکییەکەی شانۆگەرییەکە نزیک ببووەوە.

ئافەرین بۆ ئەو دەرهێنەر و کارەکتەرانە کە توانییان بە هونەری خۆیان تا ڕادەیەک گوزارە لە دەورەکانیان بکەن و بە هەموویانەوە پەیامی نمایشەکە بگەیەنن.

* شوورەی چین، ئەو شوورە مەزنەیە؛ ئیمپراتۆرێکی چین کە ناوی (هوانج تی) بوو لە ساڵی (٢٢١ پ.ز) دەستی بە بیناکردنی کرد، درێژییەکەی دە هەزار مەترە، کە دەکاتە ماوەی نێوان شاری بەرلین و نیویۆرک، بەرزییەکەی (١٦م)ە و پانی (٥م)ە، ئەمڕۆ ئەو شوورەیە بە یەکێک لە حەوت شتە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان لە قەڵەم دەدرێت، گوایە ئەو شوورەیە تا تەواو بووە، دوازدە ملیۆن کەس لەژێر باری بیناکردنیدا گیانیان لەدەست داوە.

(هوانج تی) ویستی بەو شوورەیە ڕێگەی هێرش هێنانە سەر ئیمپراتۆرییەتەکەی لەلایەن مەغۆلەکانەوە بگرێ، بەڵام ئێستا ئەو شوورەیە وەک سەردەمی هوانج تی ئەو بایەخەی نەماوە، تەنیا وەک عاجباتییەک سەیر دەکرێ.

* شانۆگەرییەکە لە (٢٤) دیمەن پێکهاتووە، بەڵام نواندنەکەی سەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر لە یەک دیمەنی درێژدا بووە. نووسەری دراماکە چەندان کەسایەتی ناسراوی ناو مێژووی میللەتانی هێناون و کردوونی بە ئەکتەری شانۆگەرییەکەی، بێ ئەوەی گوێ بداتە یەکەی نەژادی زەمەنی شانۆ، هەر یەکێک لەوانە گوزارەیە لە هەڵوێست و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئادەمزاد،

هەر یەکێکیشیان نموونەی لێکدانەوەی ئەو (حەقیقە)تانەیە کە بەپێی وێناکردنی و تێڕوانین دەگۆڕرێن و وەک خۆیان لەسەر یەک دەق نامێنن.

ئەمانە هەندێکن لەو کەسایەتییە مێژووییانەی ناو شانۆگەرییەکە کە (ماکس فریش) وەک ئەکتەری ناو دراماکەی بەکاری هێناون: (ناپلیۆن، کۆلۆمبس، دون جوان، کیلۆپاترە، ڕۆمیۆ و جۆلیێت، ماریا ستیوارت، می لاند، کەسێکی ئەم سەردەمە، کەسێکی لاڵ- کە نموونەی گەلە...).

* مەبەست لە کورداندنی کارە هونەرییەکە، نزیک کردنەوەی کرۆکی سەرەکی دراماکەیە لە ئاوەزی بینەران، دەرهێنەر (خانی لەپزێڕینی) هێناوە و خستوویەتییە ناو ئەو کۆمەڵە کەسایەتییانەوە، کارێکی لە بارو بەجێی کردووە، چونکە تێڕوانینی ئیمپراتۆری چین بۆ شوورە مەزنەکەی، هەمان تێڕوانینی (خانی لەپزێڕینە) بۆ قەڵاکەی، ئەو بۆیە ئەو شوورەیەی بیناکرد تا ببێت بە بەربەستێک بۆ پاراستنی وڵاتی چین لە هێرش هێنانی یاجووج و ماجووجی ئەودیو شوورەکە، خانی لەپزێڕینیش، بۆیە ئەو قەڵایەی دروست کرد تا گەلەکەی لەخوێنمژێکی وەک شا عەباسی سەفەوی بپارێزێ، هەردووکیان لە حەقیقەتدا یەکدەگرنەوە، حەقیقەت گەورە و بچووکی بۆ نییە.



ئەوەی جیاوازی دەخاتە نێوان ئەو دوو حەقیقەتەوە، ئەوەیە، شوورەی چین بە (١١) ساڵ تەواو بووە، گەلی چین لەو ماوەیەدا لەژێر ئازار و ستەمدا بووە، دروست کردنی بە ئارەزووی ئەوان نەبووە، کەچی گەلەکەی لەپزێڕین لەپێناو پاراستنی قەڵاکەدا خۆیان کردووە بەقوربانی، کە ئەمڕۆ بەچاوی جاران تەماشایان ناکرێت.

* یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ناو شانۆگەرییەکە کەسێکە نموونەی ڕۆشنبیرانی ئەم سەردەمەیە، کەسێکی ڕاڕاو سەرگەردان و بێ کارە و نەگونجاوی ناو کۆمەڵگەیەک و لە هاوسەرگیریشدا سەرکەوتوو نەبووە، بێجگە لە قسەی خەڵک، جووینەوە شتی کەی لێ نەوەشاوەتەوە، پێی وابووە زانایە لە خۆی حاڵی نەبووە کە نازانایە، بەرانبەر بە ئیمپراتۆر و کەسەکانی دیکەی ناو شانۆکە خۆی وەک لێکۆڵەرێک دەداتە قەڵەم و وا خۆی پیشان دەدا ڕاو گفتوگۆکانیان پێکەوە دەگونجێنێ و بۆچوونەکانیان ڕاست دەکاتەوە، واش دەردەخات کە حوکمڕانی و تیور و بۆچوونەکانیان لە سەردەمی خۆیاندا هەڵەبوونە و ئەوەی کردوویانە، یان ئەوەی بەدەستیان هێناوە سوود بەخش نەبووە.

هەر ئەم کەسە ڕۆشنبیرە، کەسێکی ترسنۆکە و خۆی لە بوارێک نادات پێی تەڕ ببێ، کاتێ کە ئیمپراتۆر بە تاک دەبینێ وەک خەڵک دروشمی بژی بۆ بەرز ناکاتەوە، کەچی کە پاسەوانەکانی دەبینێ، هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێ و دروشمی بژی بۆ ژیانی ئیمپراتۆر و بەردەوام بوونی بەرز دەکاتەوە، لەسەر بناغەی دووڕوویی و ڕووپامایی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵسوکەوت دەکات.

* یەکێک لەو کەسانەی ناو دراماکە ئەو کوڕە لاڵ و بێ زمانەیە، کە ماوەیەکە لەگەڵ دایکیدا بەڕێوەن تا بگەنە پایتەخت، ئەو ڕۆژەی دەگەنە ئەوێ، ئیمپراتۆر (هوانج تی) لە کۆشکی خۆی دێتە دەرەوە بەناو خەڵکدا دەگەڕێ، لە هەموو لاوە خەڵک بە بژی و ئافەرین پێشوازی لێ دەکەن، کە بەلای ئەو کوڕە لاڵەدا تێدەپەڕێ هەست دەکات تەنیا ئەو کوڕە هاواری بژی بۆ بەرز ناکاتەوە، بەوە بە کەسێکی یاراو ئازای دەزانێ، لە چاو دیکتاتۆردا کەسی یاراو چاو نەترس ئەو کەسە سامناکەیە کە دژیەتی و لە ڕژێمەکەی ناڕازییە، کەواتە تاوانبارە و نوێنەری ئەو دەنگە کپ بووەی گەلە کە لەپەناوە داوی لەناوبردنی بۆ دەنێتەوە، کەواتە ئەو کەسە لەوانەیە ئیمپراتۆر لە ناو بەرێ، کەوابێ حەقە بکوژرێ و لەناو بچێ..

دیارە ستەمکارەکان، ئیمپراتۆرەکان، لە بێدەنگی خەڵک دەترسن، پێیان وایە ئەو بێدەنگییە بێ مەڵامەت

نییە و حەقیقەتێکی دی خۆی تێدا حەشار داوە، بۆیە لەو بێ دەنگییە دەتۆقێن.

* چاوو سیخوڕەکانی ئیمپراتۆر بە شوێن (دەنگی گەل)دا دەگەڕێن کە پێی دەوترێ (مەن کۆ) کەسێکی تێکدەر و نەگریسە، دەبێ بدۆزرێتەوە و بکوژرێ.

هەرچەند ئەو کوڕە لاڵە دەنگی گەل نەبوو، وەلێ چونکە کەسێکی کلۆڵ و چەوساوە بووە، بەوە خەڵک بەدەنگی گەلیان دەزانی.

* هوانج تی پاڵەوانی سەرەکی دراماکەیە، بنیادنەری شوورەی چینە، پێی وایە ئەو ڕاستییەی کە لە تێڕوانینی ئەودایە و لەو شوورەیەدا بەرجەستەیە لە چاو خەڵکیشدا وایە و لە هەموو سات و زەمانێکدا وادەمێنێ و گۆڕانی بەسەردا نایە! بۆیە کە ڕوو دەکاتە دەست و پێوەندەکەی و پێیان دەڵێ:

(خەمی ئاییندەتان نەبێ ئێستا چۆنە هەر وا دەمێنێ).

کە کوڕە لاڵەکە دەبینێ هاواری بژی و بەرقەراری بۆ بەرز ناکاتەوە، پێی وایە ئەوە (مەن کۆ)ی (دەنگی گەلە).

ڕوو لە ڕاوێژکارەکانی دەکات و پێیان دەڵێ: (ئەم جارەیان بۆیە کۆم کردوونەتەوە، تا بڕیار لەسەر کوشتنی ئەوە بدەن کە دژ بە منەو یەکێکە ناوی خۆی ناوە (دەنگی گەل).

کوڕە لاڵەکە بەدەست و پێی بەستراوی لەبەردەمیدا فڕێ دراوە.

هوانج تی: بەسەریدا دەنەڕێنێ و دەڵێ: (هەی ناپاکی قێزەون.. لات وایە نازانین لەناو ئەو ڕوومەتە پیسەتا چیت حەشار داوە!.. هەی مەیموونی گەڕی خوێڕی ناو کۆڵانان وتووتە شوورەی گەورە تا بینادەکرێ ملیۆنان کەس لە بنیدا دەمرن! وات وتووە؟ دەتوانی نکوڵی بکەیت و بڵێی وام نەوتووە؟!. من خوێنمژم؟ ئەوانەی ناو کۆشکی من هەموو خوێنمژن! وا دەزانی ئەو قسانەتم نەبیستووە؟.

من (هوانج تی)م ئەوەی گەلانی ئازاد کرد، من خوێنمژم؟ ها.. (لاڵەکە بێ دەنگە) هەی بێ غیرەت، ئەگەر غیرەتت هەیە ئەو قسانە لە ڕووی خۆمدا بکە..

لە پڕ پرسیارێک بەبیریدا دێ و لێی دەپرسێ (باوکت هەیە؟).

لاڵەکە (سەری دەلەقێنێ).

هوانج تی: (بە توورەییەوە) یانی چی سەرت دەلەقێنی؟

کابرای سەردەم: (دێتە پێشەوە، ڕوو دەکاتە ئیمپراتۆر) گەورەم باوکی لەو جەنگەدا مرد کە بەرێزتان



بەرپاتان کردبوو.

هوانج تی: (بەلاڵەکە) دایکت هەیە؟

لاڵەکە: (بەناوبردنی دایکی ڕووی دەگەشێتەوە).

هوانج تی: کەواتە دایکت تاوانبارە، سزای دەدەم!

لەم بەستێنەدا هوانج تی گومانەکانی خۆی لێی دەبنە حەقیقەتێک لەبەر چاویدا بەرجەستە دەبن و لەسەر زمانی کوڕە لاڵەکە دەریان دەبڕێ وەک تۆمەت بەویانەوە دەلکێنێ و بە نەڕاندن بەسەریدا دەریان دەبڕێ و پێی دەڵێ:

(ها من جەللادی برادەرەکانی خۆمم! من هەزاران کەسی بێ تاوانم لەبەرەی شەڕەکاندا سەربڕیون؟ من شەڕم دژ بەوانەی کە وەک سەگی دەڵەی ساراو چۆڵ وەها نەناوەتەوە؟ من ئافەتی گەلم؟ منم تاعوونی سەر تەختی چین؟ من کوڕی ئاسمان نیم، بەڵکو درۆیەکی شاخ و باڵدارم؟ کێ پێی وتی من وەهام؟ ئیمپراتۆر توورەیە و لە پێستی خۆی هاتووەتە دەرەوە و وەک ولاغێکی چەمووش بە کەس ڕاناگیرێ.. فەرمان بە جەللادەکەی دەدا بیباتە دەرەوە سەری لێ بکاتەوە..

جەللادەکە: (مەن کۆ) کوڕە لاڵەکە بۆ لەسەر دانی ڕایدەکێشێتە دەرەوە..

کەسانی ناو دراماکە ئەوانەی کە لەوێ ئامادەبوون، بێجگە لە (می لاند) کچی ئیمپراتۆر کەسیان متەقیان لێوە نەهات، هەر کەس کشایەوە و ناو پێستەکەی خۆی..

می لاند: باوکە بۆ وا دەکەی؟ هەمووکەس دەزانێ ئیمپراتۆری، تۆ بەو کارەت ناتوانی ڕاستییەکان بشاریتەوە:

حەقیقەتەکە بگۆڕی..

کەسە ڕۆشنبیرەکە: دەستەوسان ڕادەوەستێ، خۆی بە قسەی بریقەدار و پووچەڵی ئەم سەردەمەوە دەخافڵێنێ و خۆی لە گێلی دەدات..

ڕۆمیۆ و جۆلێت: خەریکی بەخشینی مەی ئەڤینداریین. بەیەکەوە(١).

کیلۆپاترە: وەک خووی پێوە گرتبوو، ئیمپراتۆرەکان بخاتە داوی خۆیەوە، لەو کاتەدا ماچێک بە ئیمپراتۆر دەبەخشێ.

بیلاتس: (کەسێکی سەرگەردانە) لەو کاتەدا حەقیقەتی لێ دەشێوێ..

کۆلۆمبس: سەرم لێ شێواوە تێ ناگەم؛ ئەوەی من کەشفم کرد هیند بوو، کەچی پێی دەوترێ ئەمریکا، کامەیە حەقیقەت؟

* نووسەری «شوورەی چین» تێڕوانینی ئادەمزاد سەبارەت بە حەقیقەت لە هەموو کات و زەمانێکدا دەکاتە تەوەری سەرەکی شانۆگەرییەکە، دەیەوێ پێمان بڵێ: حەقیقەتەکان هەمیشە لە گۆڕاندان و لەسەر یەک دیو سەقامگیر نین. بۆ هەر چەرخ و سەردەمێک لە بوونی ئەو کەسانەوە کە ناسراوی سەردەمی خۆیانن، نموونەی حەقیقەتێک دەخاتە ڕوو، لە دوو ڕووەوە ئەو حەقیقەتە پیشان دەدا، لەڕووی ئەو کەسانەوە کە کاتە زەمەنییەکەی خۆیان پڕ کردووەتەوە و لە ڕووی خەڵکانی ئەو کاتەوەش.

حەقیقەتی سەردەمی ئیمپراتۆری چین (هوانج تی) ئەوەیە: بۆی دەردەکەوێ گەل بە بەرپاکردنی جەنگ لێی نارازین، کەواتە دەنگێکی کپ لەناو گەلدا دژی هەیە، ئەو دەنگە ناوی دەنگی گەلە (مەن کۆ) بە شوێنیدا دەگەڕێ بیدۆزێتەوە تا بەسزای خۆی بگەیەنێ، کە ئاهەنگی سەرکەوتنی لە جەنگدا دەگێڕێ، هەموو خەڵک بێجگە لە کوڕێکی لاڵ بەبژی و ئافەرین پێشوازی لێ دەکەن، ئیمپراتۆر ئەو کوڕە لاڵە بەدەنگی گەل دەزانێ، دەیگرێ و دەیەوێ سەری لێ بکاتەوە!

لە هەموو کاتێکدا گەل وەها ڕووبەڕووی دیکتاتۆرەکان بووەتەوە، لە بێدەنگییەوە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش.

ڕووداوەکانی مێژوو وەها ڕەوتیان کردووە و وەها دێنە پێشەوە، نووسەر بە شێوازی تەنز ڕووداوە مێژووییەکان دەخاتە ڕوو کە ڕوانینیان بۆ حەقیقەتەکانی سەردەمی خۆیان لە ڕوانینی- دیکتاتۆرەکانەوە جیاوازە.

* کورداندنی شانۆگەری (شوورەی چین) جۆرە وازی کردن و دەرچوونێکە لە ڕەوتی دەقەکە و ڕاستەهێڵی مەبەستە سەرەکییەکەی کە لە عورفی دەرهێنانی شانۆدا ڕەوا نییە، ڕەنگە هەندێ پاساو هەبن ئەو حەقە بدەنە دەرهێنەر، بەسەر هەموویانەوە پەنا بردنە بەر هەندێ هۆی ڕوونکردنەوە کە خزمەت بە ئاسان گەیاندنی ئەو پەیامە بکەن کە نووسەر بە شانۆگەرییەکەی ڕاسپاردووە، ئەویش تێگەیشتنی ئەو بیرۆکەیە کە بووەتە بابەت بۆ شانۆگەرییەکە؛ کە لە دوو خاڵدا گلێر دەبنەوە:

**یەکەم:** تێگەیاندنی بینەرانە کە بزانن حەقیقەت تەنیا یەک ڕووی نییە؛ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، یان لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر جیاوازە و لەسەر یەک ڕوو سەقامگیر نابێ.

**دووەم:** سەپاندنی تێڕوانینی دیکتاتۆرەکان، ئەوان چۆن دەڕواننە شتەکان، دەبێ خەڵکیش بە چاوی ئەوان بۆیان بڕوانن!. ئەوەی لە هێڵی تێڕوانینەکەی ئەوان لای دا، بەلای ئەوانەوە خائینە، ئەمە وای لە دەرهێنەر کردووە کە بەرفراوانییەک بداتە نموونەکان و کارێکی وا بکات بیری بینەران بەرەو مەبەستە ئەسڵییەکە نزیک بخاتەوە، بە نموونە خۆماڵییەکە ئەو مەبەستەی هێنایە دی، ئەویش خستنە تەک نموونەی (خانی لەپزێڕین و قەڵای دمدم) بوو، کە کتومت وەک پرسی «شوورەی چین»ـە، تێڕوانینی هوانج تی و تێڕوانینی خانی لەپزێڕین بۆ قەڵاکەی لەو ڕووەوە کە هەردووکیان بۆ بەربەستی دوژمنان بوون، ئەو دژ بە مەغۆلەکان، ئەمیش دژ بە وەچەیەک لە وەچەکانی مەغۆل (شا عەباسی سەفەوی).

* کە گوێت لە دیکتاتۆری چین (هوانج تی) دەبێ کە گزاف و گەف ئاراستەی کوڕە لاڵەکە-مەن کۆ- دەکات، مرۆڤی کورد دیکتاتۆرەکەی دوێنێی عیراق- سەدام حسەین-ی دێتەوە یاد، بۆیە دەرهێنەر لەدوا دیمەنی شانۆگەرییەکەدا، بەر لە بەرپا بوونی شۆڕشی گەل، سەدامی بە پۆشاکی جەنەڕاڵییەوە خستە ناو دیکتاتۆرەکان، لە تیلایی چاوییەوە بە بینەرانی وت، ئەگەر بڕوا ناکەن، فەرموو دیکتاتۆرەکەی دوێنێتان ببینن کە ئەنفالی کردن، کیمیابارانی کردن، ئەمە سەرمۆری دیکتاتۆرەکانی جیهانە.

**(١) دڵشادن، حەقیقەت ئەوەیە لە باوەشی یەکتریدا بن.**